کاتێک بەرز کرامەوە (بەرەو ئاسمان) بە لای کەسانێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکیان لە مس بوو؛ چڕنووکیان لە دەموچاو وسینگی خۆیان دەدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک بەرز کرامەوە (بەرەو ئاسمان) بە لای کەسانێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکیان لە مس بوو؛ چڕنووکیان لە دەموچاو وسینگی خۆیان دەدا، ووتم: ئەوانە کێن ئەی جبریل؟ ئەویش فەرمووی: ئەوانەن کە گۆشتی خەڵکی دەخۆن، وتانە وتەشەر لە کەسایەتیان دەدەن».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە کاتێک بەرز کرایەوە بەرەو ئاسمان لە شەوی شەوڕەوی وبەرزبوونەوە (ئیسرا ومیعراج)؛ بە لای کەسانێکدا تێپەڕ بوو کە نینۆکیان لە مس بوو، وچڕنووکیان لە دەموچاو وسینگی خۆیان دەدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە جبریل کرد -عليه السلام-: ئەوانە چییان کردووە هەتا بەو شێوەیە سزا بدرێن؟ جبریل -عليه السلام- فەرمووی: ئەوانە غەیبەتی خەڵکی دەکەن، وقسە لەسەر ناوبانگ وکەسایەتیان دەکەن بە ناهەق.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4229